# گوناهم لێ دەچوڕێ



سۆران ئازاد
Soran_darbandy@yahoo.com

هێندەی شەرمی کچە هەرزەکارێکی تازە پێگەیشتوو
لەکاتی بینینی مەمکەکانی و سوور هەڵگەرانی
گوناهم لێدەچۆڕێ
من بۆ لێرەم
کاتێ لە کووچەکانی گوناهەوە هاتبم.
من چۆن پێت دەگەم ئەی جوانترین رۆح
کاتێ پڕبم لە گوناه.
من گوناهبارم کە نەوەی ئادەمم
ئادەم باوکێکی دڵرەقە
بەزەیی بە خوا نەهاتەوە
ئەو لقە درەختەی شکاند
کە مەعشووقەکەی خوا
لەباغی بەهەشتا بۆ خوای چاندبوو.
لەگەڵ قرتاندنی هەر لقێك
خوا دەکەوتە ناڵە ناڵین
هۆن هۆن گریان و
لێبوونەوەی لقی خۆشەویستی
خوایان خستە ژێر تەنافەکانی مردنی عەشق.

دەنگی گریانی خوا دێت

دەنگێك پڕپەتی لە لەرەی خەمناك و

لە ناڵەی مردن،

لە کوێیە مەعشووقەکەی خوا، لە کوێیە؟

خوا هێندە گوناهە

گەورەیی بەشی مەستییەکی نەماوە.

من ئیتر دەفرم

بەدوای مەعشووقەکەی خوا دەگەڕێم

خوا چەندە گوناهە

نە "با"یەك لەگەڵ خۆی دەیبات و

نە بارانێك بەسەر بیابانی وشکی هیواکانی دەبارێت.

ئیتر من دەفرم و

گیرفانەکانم پڕ دەکەم لە پارچە شکاوەکانی خوا

سینەکانم پڕ دەکەم لە ناڵە ناڵەکانی و

دەڵێم خەم مەخۆ ئەی خوایە

دەستەکانتم بدەرێ و

با بۆ دوورترین ئاسمانەکان عەشق بفرین

باڵەکانت لە باڵم بئاڵێنە و

ئەم دۆزەخ و بەهەشتە بۆ ئەوان لێگەڕێ.

وەرە لەگەڵما منیش وەك تۆ

بەدوای دۆزینەوەی رۆحی ونبووم دەگەڕێم

دەستەکانت بێنە دەستم و

بۆ دوورترین ئۆقیانووسە بێکۆتاییەکانی عەشق هەڵفرین

هەم هی من و هەم هی تۆ

لەوێ چاوەڕێمانن،

وەرە لەگەڵما بۆ ناو ئەستێرەی عەشق بفڕین

ئەو ئەستێرە دوورە چاوەڕێمە

بۆ هەر ماچێک بەشێک لە پارچە شکاوە وەریوەکانی تۆ بدەمێ

بۆ شینبوونەوە.

ئەی خوایە...

ئێمە ئێستا لەسەر پشتی (ئەسپیدیلۆن*) دابەزیوون

ناترسی دووبارە شەیتان ئادەمێک هەڵخەڵەتێنێت و

ئاگرێک بکاتەوە و

تۆ و هەموومان بۆ هەتا هەتایە

غەرقی ئەم دەریایە بین..؟!

2009/11/24

------

* (ئەسپیدیلۆن) ناونیشانی یەکێک لە چیرۆکەکانی کاروان کاکەسووری چیرکنووسی بەسەلیقە و رۆشنبیرە، بەبراوی ئەو یەکێکە لە گیانداره خورافییەکان وەک دوورگەیەک لە دەریا دەردەکەوێت و گەشتیارە دەریایەکان وادەزانن دورگەیە بۆ پشوودان و دەرکردنی ماندووبوون لە جەستەیان و بارگەو شتومەکەکانیان دادەبەزێن، بەڵام هەر کە ئاگریان کردەوە ئەو گیانداره خورافییە دەکەوێتە هەڵبەز و دەچێتەوە بن دەریا و هەموویان غەرق دەکات و هەر پارچەو بەلایەکدا دەکەوێت.